# کەریم کاکە ڕۆمانێك لەبارەی شنگال بڵاودەکاتەوە

## ڕۆمانەکە تیشك دەخاتە سەر فەرمانەکانی دژ بە ئێزدییەکان




■ **ئا: ئەدەب و کولتوور**

کەریم کاکە، نووسەر و ڕۆماننووس، نوێترین ڕۆمانی خۆی بەناوی (شنگال، هایێ ل من) چاپ و بڵاوکردەوە.
کەریم کاکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "(شنگال، هایێ ل من) ڕۆمانێکە، لەسەر چل مێرای چیای شنگالەوە، ئێزد و ئێزدی و فەرمانەکان بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە. هەروەها ئەم بەرهەمە ئەدەبییە تیشک دەخاتە سەر فەرمانەکانی عەرەب، ڕۆم و عەجەم، ئەو فەرمانانەش کە کوردی موسوڵمان بەشدارییان تێدا کردووە".
ڕۆمانەکە لە 231 لاپەڕەی قەبارە مامناوەند چاپ کراوە. سەرکەوت وەلی دیزاینی بەرگەکەی بۆ کردووە و بەسەر 17 ناونیشاندا دابەشکراوە.
کەریم کاکە، ساڵی 1964 لە هەولێر لەدایکبووە، تاوەکو ئێستا 10 کتێبی لە چەند ژانرێکی ئەدەبیدا بە چاپ گەیاندووە، بە تایبەتیش ڕۆمان، لەوانە ڕۆمانی "درەختی کەتناوە"، "خەوی پساوەی قەندیل"، "کرێمستی"، "ئەستێرەی قەڵاتێ" و "ماچی یەکەم".

# "چاندی کوردی سۆڤیەت" چاپ بوو

■ **ئا: ئەدەب و کولتوور**

لێکۆڵینەوەیەکی نوێی نووسەری کورد عەسکەرێ بۆیک بەناوی "چاندا کوردێن سۆڤیەتێ" چاپ و بڵاوکرایەوە.
لێکۆڵینەوەکە لە 600 لاپەڕە پێکهاتووە و لەلایەن وەشانخانەی پەیوەند لە ئامەدی باکووری کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
ئەو لێکۆڵینەوەیە وەک ئینسایکلۆپیدیایەکە بۆ کوردی سۆڤیەت. ژیاننامەی ژمارەیەکی زۆر ڕۆشنبیر، هونەرمەند، نووسەر، هەڵبەستڤانی کوردی یەکێتیی سۆڤیەتی جارانی لەخۆگرتووە.
کوردی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو کەلەپوور و ئەرشیفێکی ڕۆشنبیریی بەهێزیان لەدوای خۆیان جێهێشتووە. ئەو ئەرشیفە زۆربەی لەو کتێبەدا جێگەی کراوەتەوە. لەگەڵ زانیارییەکانی نێو پەرتووکەکە زۆر وێنەی کوردی سۆڤیەت بڵاوکراونەتەوە.
عەسکەرێ بۆیک لە ساڵی 1941 لە گوندی قوندەخسازی سەر بە ناوچەی ئاخبارانی ئەرمەنستان لەدایکبووە. دکتۆرای لە بواری ئابووریدا هەیە. ساڵی 1993 بۆ ماوەیەک لە کازاخستان ژیاوە، پاشان ڕووی لە ئەڵمانیا کردووە و تا ئێستاش لەوێ نیشتەجێیە. لەپاڵ کارکردن لە بوارەکەی خۆیدا کە ئابوورییە، سەرقاڵی نووسینی چیرۆک و ڕۆمان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و کاری ڕۆژنامەڤانیشە، تاوەکو ئێستا نزیکەی 20 پەرتووکی نووسیون و چاپی کردوون.




# ڕۆمانی "دەوڵەتساز" بڵاوکرایەوە

■ **ئا: ئەدەب و کولتوور**

ڕۆمانی "دەوڵەتساز" لە نووسینی سەرکاو هادی ئایزێ، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر چاپ و بڵاوکرایەوە.
سەرکاو هادی، نووسەری ڕۆمانەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەو ڕۆمانەدا سێ تەکنیکی ڕۆمانم بەکارهێناوە، ئەوانیش (مێژوویی، فەنتازی و ئەندێشەی زانستی). بەشە مێژووییەکەی، هەمووی ڕووداوی ڕاستەقینەن. بۆ بەشە فەتازییەکەی پشتم بە باوەڕی میللیی کۆمەڵگە بەستووە. بۆ بەشی ئەندێشەی زانستیش ڕاوێژم بە کەسانی ئەو بوارە کردووە و شتەکانم نیشانی ئەوان داوە".
سەرکاو باسی ئامانجی خۆی لە نووسینی ئەو ڕۆمانە دەکات و دەڵێت: "ئامانجم ئەوەیە کە دەبێ ئەدەب بەشداری لە دروستکردنی دەوڵەتدا بکات. نەک بە تەنیا سیاسی، چونکە سیاسی تەنیا لایەنە سیاسییەکەی دەوڵەتت بۆ بەڕێوەدەبات، بەڵام ئەدیب یان ڕۆشنبیر دەبێ مرۆڤ ئامادە بکات".
سەرکاو هادی، تاوەکو ئێستا سێ کتێبی نووسیوە، ئەوانیش سێ دەقی شانۆیی کە لەلایەن چاپخانەی ڕەنجەوە چاپکراوە. کتێبی "ئەکتەری ئامادە" کە لەبارەی هونەری نواندنە و هەروەها ڕۆمانی "دەوڵەتساز" کە لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپکراوە.




# عەگید یازار ڕۆمانی "گورزۆ"ی بڵاوکردەوە

■ **ئا: بەسام مستەفا**

عەگید یازار، نووسەری کورد، یەکەمین ڕۆمانی خۆی بەناوی "گورزۆ" بڵاوکردەوە کە ناوەڕۆکەکەی باسی سەگێک دەکات بەناوی "گورزۆ".
ڕۆمانەکەی یازار لە 116 لاپەڕە پێکدێ و لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان لەلایەن چاپخانەی دارا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
فێرگین مەلیک ئایکۆچ کە خوێندنەوەی بۆ ڕۆمانەکە کردووە، دەڵێت: "ئەم ڕۆمانە زۆر تایبەتە، لەبەر ئەوەی کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە ئاژەڵێکە، لە ڕێگەی ژیان و ڕەفتاری ئەو ئاژەڵە، ئازاری سووتان و وێرانکردنی گوند و سروشتی باکووری کوردستان نیشان دراوە".
عەگید یازار، لە ساڵی 1973 لە شاری ماردینی باکووری کوردستان لەدایکبووە. ساڵی 1990 لە ڕۆژنامەی ئازادیا وڵات دەستی بە کاری ڕۆژنامەڤانی کردووە. لە نەورۆزی ساڵی 2002 بەشداری کێبڕکێیەکی نووسینی چیرۆکی کردووە و بە چیرۆکی "کەڤۆکا هەزار باسکی" خەڵاتی یەکەمی کێبڕکێیەکەی بەدەستهێنا. هەروەها لە کێبڕکێیەکی دیکەی چیرۆکی "حوسێن چەلەبی" کە لە ساڵی 2008 بەڕێوەچوو، بە چیرۆکی "تەیرکێن یەزدان" خەڵاتی سێیەمی کێبڕکێیەکەی بەدەستهێنا.



# ئاستەکانی نووسین لە گوتاری ڕەخن

نیهاد جامی- پۆڵەندا



نووسین لەبارەی نمایشی شانۆیی بابەتێکە هەمیشە ڕەخنەگرەکان بوونی خۆیان وابەستەی ئامادەبوونی ڕەخنە دەکەن، لەکاتێکدا دەرهێنەرەکان بەدەنگی بەرز هاوار دەکەن: ئێمە ڕەخنەی شانۆییمان نییە. کێشەکە لەبوون نییە وەک ئامادەبوونی پرۆسەکە، بەڵکو وابەستەی ئەو پرسیارەیە ئاخۆ ڕەخنەی شانۆییمان لە چ ئاستێکی نووسیندایە؟ ئایا ئەوانەی دەنووسرێن میتۆدیانە باس لە نمایش دەکەن؟ ئاخۆ ڕەخنەگرەکان تاچەند لەناو نووسیندا توانای نووسینەوەی نمایشیان هەیە؟

کاتێک بەو نووسینانەدا دەچینەوە، سەرەتای هەوڵەکان بە نووسینی وەسفی و ئینشایی دەردەکەون. لەکۆتایی حەفتاکاندا ئەو ڕەخنەیە خۆی یەکلا دەکاتەوە لە ململانێی نێوان ستایش و سەرزەنشتکردندا. لەو ڕووەوە دۆخی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی شانۆکارەکان خاڵی نییە لەو ململانێیە، نووسینەکانی پاشکۆی عێراق و هاوکاری و ڕۆژی کوردستان نموونەی ڕوونی ئەو دۆخە دەخەنەڕوو. هەڵبەت سەرەتای هەشتاکان ڕەخنە ئاستێکی فراوانتر بەخۆوە دەبینێت، بەڵام ڕەخنەیەک نییە توانای خوێندنەوەی بونیادەکانی نمایشی هەبێت، هێندەی لەنێو ستایشی نمایش یاخود تۆمارکردنی سەرنج و خواستەکانی بینیندا ماوەتەوە.

بەدەرکەوتنی شانۆی ئەزموونگەری، نووسینی ڕەخنەیی زیاتر دەردەکەوێت. ئەو تێگەیشتنەش درێژە بەخۆی دەدات لەنێوان ئەوەی خۆی بەسەر کام ئاراستەدا یەکلا دەکاتەوە. کێشەی ڕەخنەی شانۆیی ئێمە لێرەوە دەستپێدەکات، ڕەخنەگرەکان ناتوانن ئاستی سێیەم ببینن تاوەکو دیدی جیاواز بخەنەڕوو، بۆیە مانای سێیەم لە ڕەخنەی شانۆییماندا ونە، ڕەخنەی ئێمە لەو ساتەدا لەڕێی شانۆکارانەوە هەوڵ دەدەن لە سەرنجی بینەرەوە بیپەڕێننەوە بۆ گوتار. ئەوەش لەڕێی نزیکبوونەوە لە هەوڵە ڕەخنەییەکان بۆ خوێندنەوەی نمایش، بەڵام هیچ کاتێک ڕەخنەی شانۆییمان نەیتوانیوە ئەو گوتارە بگوازێتەوە بۆ تێکستی ڕەخنەیی. کاتێک ڕەخنە بوو بە تێکست بەمانای وەک تێکستی نووسەر و نمایشی شانۆیی تێکستێکی سەربەخۆ دەبینین، بەڵام ڕەخنەی ئێمە هێشتا نەیتوانیوە بەتەواوی ببێت بە گوتاری ڕەخنەیی، نەخوازەڵلا ببێت بە تێکست.

بەنەبوونی تێکست ڕەخنەی ئێمە ناتوانێ نمایش بکاتە تێکستی ڕەخنەیی، بۆیە لەناو گوتاری ڕەخنەییدا هێشتا کەمتر میتۆدیانە قسە دەکەن، چەمکی میتۆد وابەستەی ئەو تێگەیشتنە تیۆرییەی ڕەخنەگرە بۆ نمایش، بەڵام کاتێک نمایشەکان بۆ خۆیان خاڵی بن لە میتۆد، ئەو کاتە ڕەخنەگرەکانیش مافی خۆیانە نامیتۆدیانە بنووسن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەو کاتە بۆ دەنووسن؟

لێرەوە ڕەخنە دەبێتە ناپێویستییەک لە شانۆی ئێمەدا، مەگەر ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی ئاسۆی نوێ بەرەو ڕووی شانۆکەمان بکەنەوە، خۆ گەر مەسەلەکە پشتگیری و هاندان بێت، ئەوا ڕەخنە بەردەوام دەبێت وەک ئێستا بێ ئەوەی بتوانێت کاریگەری لەسەر گوتارە شانۆییەکە دابنێ.

بۆ ئەوەی بتوانین وێنەیەکی ڕوون بەو گوتارە ڕەخنەییە ببەخشین و ئاستەکانی نووسینی ڕەخنەیی بناسین، پێویستمان بەوە دەبێت کە لەسەر هەوڵە ڕەخنەییەکان ببوەستین، چونکە سەرئەنجام تا ئەو ساتەوەختەی گلەییەکان نەبوونە نووسین، هەمووان خۆمان لێ بێدەنگ دەکرد، ئیدی کاتی ئەوەیە پەراوێزێک لە ڕەخنەگرەکان وەربگرین، سوود لە بێدەنگیی نێو هاواری دەرهێنەرەکان ببینین و وێنە ڕاستەقینەکەی ئەو گوتارە ڕەخنەییە بناسین کە ڕەخنەگرەکان شێوازی ڕەخنە و میتۆدی کارکردنیان چییە و سەر بە چ ئاراستەیەکن، تاوەکو خۆمان لەناو وێنە ڕەخنەییەکەدا ببینینەوە.

### ڕەخنەی ستایشکار و سەرزەنشتکار

ئەو شێوە ڕەخنەیە پەیوەستە بە سەرنجی بینین، ناتوانین بیخەینە ئاستی وتاری ڕەخنەیی، هەرچەندە نووسەرەکانی لەسەر ئەو نووسینانە ناوی ڕەخنەگریان وەرگرت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوان زەمینەی لەدایکبوونی ستایش و سەرزەنشتکردنیان لەشانۆدا هێنایە کایەوە، کاتێک ئاوڕ لەو نووسینانە دەدەینەوە، ئەوەی تێبینی دەکەین ئەوەیە، ئەو نووسینانە کاتێک دەکەونە ستایشی نمایشێک، خاڵین لە هەر میتۆد و بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەیی و هەندێک جار دەیانەوێت لەپشت ناوهێنانی کتێبێکەوە وەک ڕەخنەگری شانۆیی بیانبینین.

ئەو ڕەخنەگرانە هێندەی هەوڵیانداوە وێنەی میانگیریان بۆ شانۆی سوننەتی بخەنەڕوو، ئەو هەوڵدانەیان لەسەر قووڵبوونەوە نەبووە لەناو کارەکان، بەقەد ئەوەی لەناو ستایشەوە پەڕیونەتەوە بۆ سەرزەنشتکردنی هەوڵەکانی نوێگەربوون لە شانۆدا، ئەو دوو وێنەیە لە ڕەخنەگرتن نەیهێشتووە وێنەیەکی ڕوون بەخۆیان ببەخشن.

کێشەی ئەوانە لەوێوە دەستپێدەکات کە دێن باسی تێکستمان بۆ دەکەن و ڕووداوەکان بەپێی کرۆنۆلۆژیای ڕووداو دەگێڕنەوە، چەند دێڕێکی کورتیش لەسەر نمایشەکە دەنووسن، لەو کاتەدا تێدەگەیت شتێک نییە تۆ وەک خوێنەری ئەو وتارە بۆت نەزانراو بێت، جگە لە دێڕی کۆتایی کە هەمیشە وەعزێکی تێدا دەڵێن پڕە لە هەڵچوون، ئەو ڕەخنەیە هێندەی گوتاری ڕەخنەیی وەک شەڕێکی ئایدیۆلۆژی دەبینێت، هێندە بیر لەوە ناکاتەوە نووسین بکاتە پردی پەڕینەوەی نێوان نمایش و بینەر، بۆیە ئەو میانگیرییە خێرا بەڕووی وتارەکەوە دەردەکەوێت و تەنیا ئەوانەی لەو شەڕەدان پێی دڵخۆشن یان تووڕە، دەنا لە بنەڕەتدا هیچ کاریگەرییەک لەسەر گوتاری شانۆ جێناهێڵێت.

### بیبلیۆگرافیای شانۆ لەژێر ناوی ڕەخنەی شانۆدا

گەڕانەوە بۆ مێژوو، خوێندنەوەی ئاستی نمایش و پێداچوونەوەیە بە زەمینەی کولتووری و مێژوویی ئەو ڕۆژگارەی نمایش و چۆنیەتی خوڵقاندنی پەیوەندی لەگەڵ بینەردا، لە دەرەوەی ئەو تێگەیشتنەوە ناکرێت بەتەنیا ناوی نمایشەکان بنووسینەوە و ساڵ و بەرواریان تۆمار بکەین، ئەو کارە بیبلیۆگرافییە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕەخنەی شانۆییەوە نییە، هەتا ئەگەر لەپاڵ هەندێک نمایش چەند دێڕێک لەبارەی تێکست و دەرهێنانیش بنووسرێت، کارەکە هەر دەچێتە ئاستی نووسینی بیبلیۆگرافی نەک ڕەخنەی شانۆ.

کەسانێک کە ئاسوودەگیانە بۆ نیو سەدە دەچێت پاڵیان لێداوەتەوە بەبیانووی ئەوەی ڕەخنەگری شانۆیین، پێویستیان بەوەیە کەسانێک لەو خەوە قورسە بەئاگایان بێنێتەوە، ئەوان تەنیا بیبلیۆگرافیای شانۆیان نووسیوەتەوە، نەک ڕەخنەی شانۆیی، دیارە ئەو کارە بێبایەخ ناکەین، بەپێچەوانەوە ئەوە کۆمەکی ڕەخنەگرەکان دەکات لە نووسینەوەی مێژوویی بۆ ڕەخنەی شانۆیی، بەڵام هەرگیز کارەکە بۆ خۆی نابێتە ڕەخنەی شانۆیی.

### ڕەخنەی شانۆیی و کێشەی میتۆد

میتۆد یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی شانۆی ئێمە، نەک بەتەنیا کێشەی ڕەخنەنووسەکان بێت، بەڵکو کێشەی خودی دەرهێنەرەکانیشە، کێشەی بێ میتۆدی وایکردووە شانۆی ئێمە بەدرێژایی زەمەن بەرەو نزمە گوتاری شانۆ هەنگاو بنێت، ئەوەش وابەستەی تێنەگەیشتن و مەعریفەیە، زۆربەی دەرهێنەرەکان لەڕووی چەند تێگەیشتنێکی ڕووکەشانەی بیستراو دەچنە ناو میتۆدەوە، بێئاگا لەوەی هاودژبوون لەناو میتۆد دەخوڵقێنن، ئەو گرفتە پێویستی بە نووسینی کتێبی سەربەخۆ هەیە، بەڵام لێرەدا بابەتەکە هاتووەتە پێشەوە و ناچارین هەڵوەستەی لەسەر بکەین، بێئەوەی ئاماژە بە هیچ میتۆدێک بکەین، بەڵام لە تێگەیشتنێکی خێرادا دەتوانین ئەوە بنووسین، بەدرێژایی مێژووی شانۆییمان هەموو بانگەشەکردنێک بۆ میتۆد لەڕاستیدا دەمامکێک بووە بۆ وێنەیەکی تر، لەوەشدا کەس نابەخشرێت و هەموومان بەشی شێرمان لەو هەڵانەدا هەیە، هیوادارم لە داهاتوودا بتوانین بە نووسینی سەربەخۆ بگەڕێینەوە سەر ئەو باسە.

کاتێک نمایشەکان تووشی نامیتۆدی و تێنەگەیشتن ببن، ئاخۆ ڕەخنەگرەکان توانای ئەوەیان هەیە هەڵە میتۆدییەکان ڕاست بکەنەوە؟ یاخود ئەوانیش هەڵەکە قووڵتر دەکەنەوە؟

کاتێک خۆمان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکەینەوە، تێبینی ئەوە دەکەین، کێشەی شانۆی ئێمە لە دڵسۆزیی کارکردنی شانۆکاران نییە، لەو بوارەدا کەمتەرخەمی نییە، بەڵام دڵسۆزی چی بە ئێمە دەبەخشێت، کاتێک ئێمە کێشەی مەعریفەمان هەبێت، ئەوانەی بوون بە کارەکتەری باڵا و نوێنەرایەتی مەعریفە دەکەن، کە خۆیان کێشە سەرەکیەکەی مەعریفەی شانۆیی بن، ڕەخنەگرەکان نەک توانای چارەسەری کێشەی میتۆدیان نییە، بەڵکو ئەو نائاگاییەی ئەوان بۆ میتۆد، گرفتە میتۆدیەکە قووڵتر دەکاتەوە، هەندێکجار دەبینین ناونیشانی نمایش بەسە بۆ ئەوەی ڕەخنەگر یەک میتۆدی بەسەردا ساغ بکاتەوە، کۆمەڵێک شت لە کۆتایی وتارەکەی کۆدەکاتەوە کە نەک خۆیشی ناگاتە دەرەنجامێک، بەڵکو هەست دەکەیت کۆمەڵە نارنجۆکێکی بەدەستەوەیە لەبری بەتاڵکردنەوەی، هیچی لێ نازانێت و کات و ساتێک لەگەڵ تەواوبوونی وتارەکەی دەزانێت بە خۆیدا دەتەقێتەوە.



### بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی و ڕەخنەی شانۆیی

بەشداریکردنی وتاری ڕۆژنامەوانی توانای ئاشناکردنی خوێنەری هەیە بە کاریگەریی شانۆ لەناو کۆمەڵگادا، ئەو کاریگەرییە وا لە بینەر دەکات بەرەوڕووی نمایشە شانۆییەکان بڕوات، ئەوانەی خەریکی بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانین بۆ نمایشە شانۆییەکان، لەڕاستیدا کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن لەناو شانۆدا، هەرچەندە هەندێک جار بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریی خۆیان سەرنجێکیش تۆمار بکەن، بەڵام ئەو سەرنجانە پەیوەندییان نییە بە ڕەخنەی شانۆیی، تەنانەت گەر کەسەکە خۆشی لە شانۆدا کار بکات، هەر وەک بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی دەمێنێتەوە، بەداخەوە لەشانۆی ئێمەدا ئەوانەش بوون بە ڕەخنەگری شانۆیی.

### ڕەخنەی وەسفی لە نمایشی شانۆییدا

ئەو جۆرە ڕەخنەیە بۆ نمایشی شانۆیی ڕەخنەی باوی ناو گوتارە شانۆییەکەمانە، نێوەندە شانۆییەکەش بە ڕەخنەی وەسفی ئاسوودەیە، هەڵبەت ئەو ڕەخنەیە جیاوازە لە ڕەخنەی ستایشکاری، بەڵکو ڕەخنەیەکی وەسفیە بۆ ئاستەکانی نمایش، ئەوەش وا لە ڕەخنەگرەکانی ئەو بوارە دەکات بتوانن لەسەر هەر نمایشێک کە جێی سەرنجیان بێت، بنووسن و قسەی خۆیانی لەبارەوە بکەن.

دیارە ئەو ڕەخنەیە میتۆدی نییە، هێندەی پەیوەستە بە کۆی ڕۆشنبیریی ڕەخنەگرەوە، بەپێی تێگەیشتنی بۆ چێژی جوانی و ئاستەکانی بینین دێت قسە لە نمایش دەکات، لە ڕوانگە

# ئاراخنیس، جۆڵایەک بۆ هەرمانە

## گێڕانەوەی فەلسەفی لە ئوستوورەکانی یۆنانی کەونارا

میشێل پیکماڵ
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کیشوەر پیرۆتی

ئەسینا خواڵەی هونەر بوو.. خودای پارێزەری ئەو کەسانە بوو کە بە دەستەکانیان و بە یارمەتیی خەیاڵی خۆیان جوانییان دەئافراند. ئەو، جۆڵای ئۆلیمپیوسیش بوو. بەڵێ، ئەسینا باسی کچێکی بە گوێ گەیشت کە دەگوترا لە هونەری چنیندا هەڵکەوتەیە. ناوی ئاراخنیس و باوکیشی بازرگانی پارچە بوو. بە جۆرێک باسی پەرجووەکانی ئەو کچەیان دەکرد کە ئەسینا بڕیاری دا خۆی بچێت و توانایی و داهێنانەکانی ببینێ؛ ئەو توانایی و داهێنەرییەی لە درەوشانەوەی نموونە داهێنراوەکانیدا، یان لەو دەسترەنگینیدا کە بە جلە دەستکردەکانییەوە دیار بوو، خۆی دەنواند.

ئەسینا، خۆی کردە پیرێژنێک و چووە کارگەکەی ئاراخنیس. لەوێ چاوی بە کچێکی لووتبەرز کەوت کە ئیدیعای دەکرد چنراوەکانی ئەو لە چنراوەکانی ئەسینا باشترن.

ئەسینا هەوڵی دەدا بە لەسەرەخۆیی و بە نەرمی قسەی لەگەڵ بکات و تێیبگەیەنێت کە بوونەوەرە بمرەکان ناتوانن هاوشانی خوداکان بن. بەڵام ئاراخنیس لەسەر قسەکەی خۆی سوور بوو، گوتی: "خواڵە ناتوانێ وەکو من بەباشی کارەکەی بکات، ئەوە دیارە کێ لە کاری خۆیدا وەستاترە..."

ئەسینا کتوپڕ هاتەوە سەر شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی. دوو دەزگای جۆڵایی ئامادە کرد و بە ئاماژە کچۆڵەکەی تێگەیاند کە بچێتە سەر کارەکەی و دەمودەست دەستیان بە کێبڕکێ کرد، لەبەر ئەوەی ئاراخنیس لەخۆشیی ئەو دەرفەتە ئارامی لێ بڕابوو، ئاخر ئەوە ئارەزووی هەمیشەی بوو کە لەگەڵ خواڵە کێبڕکێ بکات. پەنجەکانی هێندە بەخێرایی دەجووڵانەوە، هەر دەتگوت چەنگ دەژەنێت.

ئەسینا لە چنراوەکەی خۆیدا جوانییەکانی چیای ئۆلیمپیوس و خوداکانی نەخشاند.

ئاراخنیس لەسەر چنراوەکەی خۆی نەخشی هەڵەکانی زیوسی چنی. بۆ نموونە، ئەوکاتەی خۆی هێنابووە سەر شێوەی جوانەگا و شازادەیەکی ئەورووپی فریو دابوو، یان ئەوکاتەی چووبووە سەر شێوەی ئامفیتریۆن و دەستدرێژیی کردبووە سەر ژنەکەی، یان ببوو بە هەڵۆ و ئێژینای ڕفاندبوو...

تەقریبەن هەردووک خەنیمەکە پێکەوە کارەکەیان تەواو کرد. ئەسینا شاکارێکی ڕاستەقینەی خولقاندبوو. چنراوەکەی ئەسینا کە لە جوانیدا نوقم ببوو، کۆمەڵێک وردەکاریی زۆر سەرسوڕهێنەری تێدا بوو. چنراوەکەی ئاراخنیسیش هیچی لە کارەکەی ئەسینا کەمتر نەبوو. کە ئەسینا بەرهەمەکەی ئاراخنیسی دیت، هیچ بابەتێکی ئەوتۆی تێدا بەدی نەکرد کە ڕەخنەی لێ بگرێت، یان باسی لەسەر بکات. لە هەموو بارێکەوە زۆر باش و تەواو بوو.

بەڵام ئەسینا تووڕە بوو، چنراوەکەی ئاراخنیسی لەتوپەت کرد. ئاراخنیسش کە نەیدەزانی چی بکات، بە گریان و هاوارەوە ڕایکرد و، زانی کە زۆری بێڕێزی



# ...ەی شانۆییدا



ڕەخنەییەکەی خۆیەوە قسەی لەبارەوە دەکات، ئەو ڕەخنەیە ئەمڕۆ ئامادەبوونی هەیە، بۆیە ناڵێین پێویستییەکی نێوەندە شانۆییەکەمانە، بەڵکو ڕەخنەیەکە ئامادەبوونی دۆخێکی تەندروستە، بەڵام ئەوە لەکاتێکدا ئێمە ڕەخنەی میتۆدی و گوتاری ڕەخنەیی و تێکستی ڕەخنەییمان هەبێت کە تا ئێستا ئەوەشمان نییە. دەبێت بزانین ڕەخنەی وەسفی ڕەخنەیەکە ئێستا بووەتە جێی سەرنجی نێوەندەکە و دەرهێنەرەکانیش دڵیان پێی خۆشە.

### نزیکبوونەوە لە گوتاری ڕەخنەی شانۆیی

کاتێک ڕەخنە لە ڕەخنەی وەسفی دەربازی بوو، لەڕێی میتۆدەوە هەوڵیدا نمایشی شانۆیی بخوێنێتەوە، دەرگا بەڕووی ماناکاندا بکاتەوە، نمایشی شانۆیی وەک ڕووبەرێکی زانین بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوودەدات سەیر بکات، لەو کاتەدا ڕەخنەگر دەیەوێت ڕەخنە بگوڕێتە سەر گوتار، بە گوتاربوونی ڕەخنە بەواتای ڕەخنەی شانۆیی لە گلەیی و بێئاگایی دەربازی دەبێت، دەتوانین لەو ڕێیەوە ئاستی گوتارە شانۆییەکەمان بناسین، ئەوکات ڕەخنە بەرەوڕووی تێکستی ڕەخنەیی هەنگاو دەنێت، هەڵبەت لە نووسینی ڕەخنەی شانۆییماندا ناتوانین ئاماژە بۆ ناوێک بکەین کە هەوڵەکانی نزیکبوونەوەیە لە گوتاری ڕەخنەیی، بەڵام لە هەندێک نووسیندا ئەو سەرەتایە دەبینین کە نووسینێکی ڕەخنەیی دەیەوێت بەرەو گوتار هەنگاو بنێت.

### تێکستی ڕەخنەی شانۆیی

کاتێک ڕەخنە بوو بە گوتار، ئەو کاتە توانای پەڕینەوەی هەیە لە گوتارەوە ببێت بە تێکست، بەتێکستبوونی ڕەخنەی شانۆیی، بەواتای هاتنە دەرەوە لە پەراوێزی نمایش و ئامادەبوونی وەک گوتارێکی سەربەخۆ، لێرەدا جیاوازیەک لەنێوان گوتاری ڕەخنەیی و تێکستی ڕەخنەیی لەو خاڵەدا دەستنیشان دەکەین، کاتێک ڕەخنە دەبێت بە گوتار واتە ڕەخنە هەڵگری گوتاری نمایشە، بەڵام ئەو دەمەی ڕەخنە دەبێت بە تێکست ئەو کاتە خاوەن گوتارێکی سەربەخۆیە و تەواو جیابووەتەوە لە نمایشی شانۆیی، وەک خۆی دەیخوێنینەوە، ئەو تێکستە دەشێت کتێب بێت و ڕووبەری خۆی هەبێت وەک ڕووبەری نمایش، لەو کاتەدا ڕەخنەگر وەک ئەکتەر و دەرهێنەر لە شانۆدا دەردەکەوێت، کە دیارە شانۆی ئێمە ساڵانێکی زۆری پێویستە تا ئەو ڕەخنەگرەی تێدا دەربکەوێت کە نووسەری تێکستی ڕەخنەیی بێت.

### کۆتایی

لە کۆتایی ئەم وتارەدا ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین کەوا ئاستەکانی ڕەخنەی شانۆییمان پەیوەستە بە مەعریفە، نێوەندی شانۆی ئێمە گەر دەیەوێت شانۆ ببێتە بەشێک لە کۆمەڵگا و کۆمەڵگا وەک کولتوور لێی بڕوانێت، پێویستە بەهای شانۆ لە قووڵبوونەوەدا بێت و کەمێک دەست بەو هەموو فێستیڤاڵانەوە بگرین و بەخۆمادا بچینەوە.. خۆمان لە وەهمی نێونەتەوەیی ڕزگار بکەین، چیتر ئەو وێنە خراپەی خۆمان بە کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵگای ناکوردی نیشان نەدەین، پێویستمان بە دەرگاکردنەوەیە لەسەر بزووتنەوەیەکی وەرگێڕانی شانۆیی و بڵاوکراوەی شانۆیی، لەپاڵ بانگهێشتکردنی کەسانی پسپۆڕی ناکورد بۆ ناو کوردستان، تا بتوانین سەرەتا و زەمینەیەکی میتۆدی شانۆیی بخوڵقێنین، چونکە دەرکەوت دامەزراوە شانۆیی و ئەکادیمییەکانی ئێمە بروانامە دەبەخشنەوە و فێستیڤاڵ ساز دەکەن، بەڵام مەعریفە بەرهەم ناهێنن و ناتوانن بەشداری لە گوتاری بەرەوپێشچوونی شانۆدا بکەن.

# ...وە

بە پارێزەری مەزنی هونەر و هونەرمەندان کردووە. لەبەر ئەوە، چووە کۆگاکەی باوکی و لەوێ خۆی هەڵواسی.

کە ئەسینا خەبەرەکەی بیست، تووڕەییەکەی دامرکا. چوو بۆ کارگەکە و چەند دڵۆپێکی سیحراوی بەسەر تەرمەکەی ئاراخنیسدا پژاند. پێستی کچۆڵەکە وردە وردە وێک هات و بوو بە گوڵۆڵەیەکی بچووک، کە قیتکەیەکی کوڵکنی پێوە بوو.

بەم جۆرە، شێوەی ئاراخنیس گۆڕا و بوو بە جاڵجاڵۆکەیەکی بچووک، بۆ ئەوەی هەمیشە بتوانێت بە تاڵی هەوریشمین جوانترین و زەریفترین چنراوەکانی خۆی بچنێت.

### شرۆڤەی فەلسەفی

لەم ئوستوورەیەدا دوو جیهان دەبینین: جیهانی خاوەنی هەمووان و جیهانی مرۆڤەکان. خاڵی جیاکەرەوەی خاوەنی هەمووان و مرۆڤەکان چییە؟ تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین هیچ شتێک، چونکە ڕەفتاری ئەوانیش وەکو ڕەفتاری مرۆڤەکان وایە. بەخیلی، دوژمنایەتی، چاوچنۆکی، ئەوین و نەفرەت...

تاکە خاڵی باڵایی ئەوان ئەوەیە کە خودان. ئەگەر بوونەوەرێکی بمری وەکو ئاراخنیس توانایییەکی خۆی بخاتەڕوو کە لە توانایی خوداکان سەرتر بێت، سزا دەدرێت، چونکە ئەو کارە بە جۆرێک بێڕێزییە.

لە نێوان ئەم ئوستوورەیە و کۆمەڵگای ئەوکاتی یۆناندا کە کۆمەڵگایەکی چینایەتی بووە، جۆرە هاوئاهەنگییەک دەبینین. جیهانی خاوەنەکان و جیهانی کۆیلەکان. جیهانی دەوڵەمەندەکان و جیهانی هەژارەکان. ئەم ئوستوورەیە بە هەژارەکان دەڵێ لەسەر جێی خۆتان دانیشن و مەجووڵێن. لە بنەڕەتدا هیچ ڕێگایەک نییە بۆ چوونە ناو جیهانی دەوڵەمەندانەوە. وا دانراوە کە ئەوان بەرزتر بن و هیچ قسەشی تێدا نییە. هەر کەسێکیش لەو پێناوەدا پەلەقاژەیەک بکات، سزا دەدرێت. بڕیارەکە وا دراوە کە پادشایان و دەوڵەمەندان بەم شێوەیە بن. ئەمەش هیچ قسەی تێدا نییە و هیچ باسیشی هەڵناگرێت.

**سەرچاوە:**

**حکایت‌های فلسفی (اسطوره‌های یونان باستان)، میشل پیکمال، ترجمەی مهدی ضرغامیان، نشر آفرینگان، چاپ اول ۱۳۹۱، تهران.**

# نیشتیمان و نانیشتیمان

بەکر عەلی



**دەکرێ مرۆڤێک لە نیشتیمانەکەی دەربکرێ، بەڵام هەرگیز ناکرێ نیشتمان لەناو مرۆڤ دەربکرێ.**

**ئێریش کێستنەر**

مرۆڤ چەندێک ئەزموونی دنیا بکات و بەوپەڕی کراوەییەوە بچێتە نێو جیهانەوە، هێشتا ناتوانێ دەستبەرداری ئەو ئەندێشەیە بێت کە بێپچڕان لەناو ڕۆحیدا دەبزوێت، ئەندێشەی گەڕانەوە بۆ دەستپێکی دەرچوونی ئەو بۆ ناو جیهان، یان دروستتر بڵێم ئەوەی ئەو لە کوێوە هاتە دنیاوە و چۆن بتوانێت بۆی بگەڕێتەوە.

ئۆدیسە دوای ئەو گەشتە وێڵاراییەی بە دەریادا بۆ دەرەوەی گریک کردی، دواتر هەر دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەستپێک، بۆ ماڵەوە. پلاتۆن لە دەرەوەی ئەسیناوە لەسەردەمی شەڕ و قاتوقڕیدا گەڕایەوە بۆ ئەسینا و ئەکادیمیاکەی دامەزراند، کە ئەو ئەکادیمیایە لەوکاتەوە بووەتە دەستپێکی لەدایکبوونی هەموو ئەکادیمیاکانی جیهان.

مەولانای نەقشبەندی دوای ئەو گەشتە ڕۆحی و عیرفانییەی بەرەو خۆرهەڵات کردی، دواجار بە مەشقێکی ڕۆحانیی نوێوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بۆ نیشتیمان، ئەگەرچی ماڵەوە هێندە خراپەیان لەگەڵدا کرد کە ناچاربوو ئەمجارەیان خۆنەویستانە لێی هەڵبێت، نالیش چەندێک دوورتردەکەوتەوە لە نیشتیمان پتر پرسیاری ئەوەی لە سالم دەکرد، ئاخۆ کەی بێت بگەڕێتەوە. پیرەمێرد دوای خۆپێگەیاندنی ئەکادیمیایانەی خۆی لە تورکیاوە دەگەڕێتەوە سلێمانی و ڕووناکی و فەرهەنگی بۆ دەهێنێتەوە. ئەم گەڕانەوەیە بۆچی؟ زۆر بەسادەیی دەکرێت بڵێین مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری ئەو شوێنە بێت کە یادەوەرییەکانی ڕابردووی تیایە. شوێنێک کە من دەناسێت و منیش ئەو دەناسم، خەڵکەکانی دەناسم و ئەوانیش من دەناسن. کۆڵانەکانی، شەقامەکانی خوێندنگاکانی و فەرمانگەکانی و چایخانەکانی و کتێبخانەکانی و باخچەکانی و بازاڕەکانی، بریتین لەو شوێنانەی بوونەتە پارچەی نەمری ناو دەروونی مرۆڤ. ڕەنگە مرۆڤ لەبەر گوشاری سیاسی و ئابووری ناچار بێت نیشتیمان بەجێبهێڵێت، بەڵام ناتوانێت خەون بەگەڕانەوەوە نەبینێ. ڕەنگە مرۆڤ لە قێزهاتنەوەی لە کولتووری کۆمەڵگاکەی نیشتیمان بەجێبهێڵێ، بەڵام گەر قێزی لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش بێتەوە، ناتوانێت قێزی لە خاک و باخەکان و سروشت و ئاسمانی نیشتیمان بێتەوە. لەبەرئەوەی نیشتیمان بریتییە لەو ئەلبوومەی کە هەموو وێنەکانمانی تێدا دەپارێزین. ئەم وێنانە کەرەسەیەکی ڕۆحین بۆ بەستنەوەی ئێمە بە نیشتیمانەوە. بۆیە لە هەموو تەماشاکردنێکی ئەو ئەلبوومە، ئێمە جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ کاتێکی بەسەرچوو ناکەین، چونکە ئەو ڕۆژگارە هیچ شوێنەوارێک و هیچ ئاماژەیەکی نەماوە، بەڵکو پتر بۆ شوێنەکە دەگەڕێینەوە.

بێهۆ نییە، کەسی ئاوارە بەردەوام ئەو ئەلبوومەی بە هەموو وێنەکانییەوە لە خەیاڵداندایە و هەموو گەڕانەوەیەکی بۆ نیشتیمان تەماشاکردنەوەیەکی قووڵی نۆستالجیانەی ئەلبوومەکەیە. لێرەدا نیشتمان ڕێک و ڕەوان بریتییە لە شوێن نەک لە کات، بریتییە لە دەستپێکەکان نەک لە نەریت و فەرهەنگەکان، بریتییە لە زادگە نەک لە سەرکێشییەکان. مرۆ لە دەرەوەی نیشتمان پتر بە نەریت و فەرهەنگەکانی جیهان ئاشنا دەبێت وەک لە ماڵەوە، مرۆ لە تاراوگەدا پتر سەرکێشی دەکات وەک لە ماڵەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خولیای گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژییەوە بە نەمرترین فەزیلەی مرۆڤ دادەنرێت. تەنانەت ئەو ژنانەی لە کۆمەڵگا پیاوسالارەکاندا دەژین و هەست بە نامۆییەکی وجودییانەی کوشندە دەکەن، کاتێک دەگەنە وڵاتێکی ئازاد و تاڕادەیەک یەکسان بۆ ئافرەتان، گەر لەوێش خۆیان بەتوندترین ئایدیۆلۆژیای فیمینیزم چەکدار بکەن، خولیایەکی شۆڕشگێڕانەیان بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمان هەر تێدا دروست دەبێتەوە.

من کە نزیکەی نیوەی تەمەنم لە تاراوگە بەسەربردووە، ئێرە هەمیشە وەک نیشتمانی دووەمم تەماشا دەکەم، کەچی ماڵی یەکەمم لە نیشتیمان دەبینم. ئەگەرچیش لەڕووی فەرهەنگییەوە باش خۆم گونجاندووە، کەچی هێشتا خۆم هەر وەک کۆچەرێک دەبینم کە دەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێتەوە. ئەمە هەڵوێستەیەکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ هەر کۆچەرێک گەر بخوازێت گەڕانەوەی خۆی ببەستێتەوە بە ئومێدی بینینی نیشتیمانێکی خۆشەوە.

ئەم دۆخە تەندروستترین مۆدێلی تێگەیشتنە لە نیشتیمان و کۆچەر و تاراوگەیی. ئەوانەی لە تاراوگەدا نیشتمانی یەکەم لە یادەوەرییان دەسڕنەوە، تووشی خاڵیبوونەوەیەکی ڕۆحی دەبن بەشێوەیەک کە نیشتمانە تازەکەشیان بۆ ناکرێتە نیشتیمانی دووەم. ئەم خاڵیبوونەوەیەش دەیانخاتە نێو چۆڵەوانییەکی فیکرییەوە کە هیچ دیدێکی شۆڕشگێڕانەیان نابێت بۆ گەڕانەوە، بۆیە گەر بشگەڕێنەوە هیچ ڕوونادات.

ڕەنگە لە ساتەوەختێکدا ئەو بیرۆکەیە لای خەڵکانێکی زۆر سەرهەڵبدات کە نیشتیمان چیتر پەیوەندی بە شوێنی لەدایکبوون و منداڵی و یادگارییەکان و زمانەوە نییە، بەڵکو ئەو شوێنەیە کە هێشتا هیچ جۆرە یادگارییەکمان تێیدا دروست

**”وەک چۆن لەڕووی سیاسییەوە بێدەوڵەتی مافی مرۆڤبوونی یاساییمان لێ دەستێنێتەوە، ئاوەهاش بێنیشتیمانی هەموو مافێکی نیشتەجێبوون و ئۆقرەگرتنی وجودییانەمان لێ زەوت دەکات“**

نەکردووە، واتە ناشوێنە/ یۆتۆپیایە، یان وەک ئەوەی سلۆتەردایک نیشتیمان وەک ناتاراوگەیەک پێناس دەکات، کە مەبەستی لەوەیە نیشتمان ئەوەیە لەئێستادا ناتاراوگەیەکی کاتییە، چونکە شوێنێکی ئەبەدیی مرۆڤ بوونی نییە، مرۆڤەکان هەر کۆچ دەکەن و بەردەوام بۆ شوێنی باشتری ژیان دەگەڕێن. لەم ڕووەوە بێشومار ئەدەبی ستایشکردنی ئەو یۆتۆپیایە لەبەردەستماندایە بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە دیوە ترسناکەکەی تاراوگەنشینی درابێت، بۆ نموونە هەموو ئەدەبیاتی مارکس و وجودییەت بریتییە لە هەوڵی چوونە دەرەوە بۆ ناو جیهان، چونکە لەم دوو ڕێبازەدا هەموو مرۆڤەکان لە جیهاندا هاوبەشن. لێرەدا ئەوەی نوێ لەژێر کاریگەریی ئەفسوونی ئەندێشە بێسنوورەکانی تاراوگەیی و هەروەها بەمەبەستی لەئامێزگرتنی هەڵوێستەیەکی شۆڕشگێڕانەی کۆسمۆپۆلیتانیزم لە دژی کولتوری واقیعی ناسیۆنالیزمانەی خۆی، بیر لە بەجێهێشتنی نیشتیمان و کۆچکردن بۆ تاراوگە دەکاتەوە. جا هەندێکیان لەبەر هۆکاری ئابووری و هەندێکیان لەبەر هۆکاری سیاسی و کەمێکیشیان لەبەر هۆکاری زانستی و ئەدەبی. هەستی بەکەمسەیرکردنی نیشتیمان و سووکسەیرکردنی کولتوورەکەت، هۆکاری تووڕەبوونتە لە نیشتیمان و هۆکاری بەجێهشتنەکەشتە، بەڵام کاتێک لە تاراوگە دەبیت، شتەکان بەتەواوەتی ئاوەژوو دەبنەوە، خولیایەکی گۆڕانخوازانەی دیکەت تێدا دروست دەبێت کە دنەت دەدات بتگەڕێنێتەوە بۆ نیشتیمان. مرۆڤ لە تاراوگەدا دەتوانێت نیشتیمان و ماڵەوە باشتر ببینێت وەک لەناو ماڵەوە. بێهۆ نییە ئەوانەی لە تاراوگەن نیشتیمانپەروەرانەتر پارێزگاری لە زمان و فەرهەنگی وڵاتەکەیان دەکەن وەک لەوانەی لە ماڵەوە ماونەتەوە. پێدەچێت لەڕووی پسایکۆلۆگییەوە مرۆڤی تاراوگەنشین پتر فرۆیدیانە بێت کە بەردەوام لە گەڕانەوەدایە بۆ ڕیشە، بۆ ڕابردوو، بۆ تامەزرۆیی و بۆ ئازارەکانی یەکەمینجار و یەکەمین ژینگە، بۆیە مەرج نییە هەموو وەرچەرخانێکی تاراوگەنشینی بەرەو دۆزینەوەی نیشتیمانێکی باشتر و خۆشتر و نوێتر بێت، زۆرینەی جار وەرچەرخانەکە پێچکردنەوەیە بۆ ڕابردوو لەبری هەڵهاتن بێت بۆ داهاتوو، ئەمەش گەڕانەوەیەکی پەتی و بێ مەرجە بۆ ڕیشەکانی جاران وەک خۆیان، گەڕانەوە و لەئامێزگرتنەوەی هەموو بارودۆخەکەی جارانە وەکو خۆی. ماوەی چەند ساڵێک دەبێت کە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەتوانن بۆ گەشتوگوزار یان بۆ چارەسەری پزیشکی سەفەر بکەن بۆ وڵاتانی تر، ئەوانەی هاتوونەتە بەرلین و لێرە بینیومن، لێم پرسیون ئەڵمانیا چۆن دەبینن، هەموویان وەها وەڵامیان داوەتەوە: ئێرە بۆ سەفەری کورت خۆشە، بەس بۆ مانەوەی هەمیشەیی لێرە هەڵناکەم، غوربەت هەستێکی قورسە، نیشتیمان لە هەموو شوێنێکی دنیا خۆشترە. هەڵبەت ئەم هەستە تەنیا دەبێت لەڕووی ئیستاتیکییەوە وەک خولیایی مرۆڤ بۆ شوێن تەماشا بکرێت و هیچ پەیوەندییەکی بە ئایدیۆلۆگی کۆنزێرڤاتیزمەوە نییە، بەڵام هەستی پاراستنی بەهاکولتوورییەکان کە لە ئایدیۆلۆگیایەکی سیاسیدا خۆی فۆرمەڵە بکات، ئیستاتیکی نییە، بەڵکو سامناکییە. لێرەوە ئایدیۆلۆگیای کۆنزێرڤاتیزم وەک هۆشیارییەکی کولتووری و ئیتیکی لەدایک دەبێت و گەر بێتە سیاسەت و بچێتە نێو دەسەڵاتەوە زیان بە دیموکراسیبوونی ژیان دەگەیەنێت، وەک ئەوەی ئێستا لەتەواوی ئەمەریکا و ئەورووپادا تێبینی چالاکبوونی هێزە کۆنزێرڤاتیزمەکان دەکەین.

وەک چۆن بنەماییترین مافی مرۆڤ ئەوەیە ماڵی هەبێت، شوێنێکی نیشتەجێبوونی هەبێت، لەئاستی گەورەتریشدا مافێکی بنەڕەتییە هەموو جڤاتێک لەناو سنوورێکی سیاسیدا قەڵەمڕەوی و فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی سەروەرانەی خۆی هەبێت. هانا ئارێندت لە تیۆرییە سیاسییەکەیدا ئەم مافەی بۆ هەموو جڤاتێک یەکلاکردووەتەوە وەک مافێک بۆ دەروەستبوونی مرۆڤەکان لەناو پێکەوەبوونێکی ڕێکخراودا و بەبێ ئەم مافە گشتییە مەحاڵە تاکەکان بەهیچ مافێکی هاووڵاتییانە خۆشنوود بن. هەر بۆیە ئاوارەیەکی بێدەوڵەت لەم مافە بێبەشە. بۆ نموونە گەر مرۆڤێکی کورد یان فەلەستینییەک ئاوارە بن، چونکە بێدەوڵەتن وەک ئاوارەیەکی ئەفغانستانی یان سووری نین.

لێرەوەیە وەک چۆن لەڕووی سیاسییەوە بێدەوڵەتی مافی مرۆڤبوونی یاساییمان لێ دەستێنێتەوە، ئاوەهاش بێنیشتیمانی هەموو مافێکی نیشتەجێبوون و ئۆقرەگرتنی وجودییانەمان لێ زەوت دەکات. دۆخێک کە زۆرجار مرۆڤە بێنیشتمان و بێدەوڵەتەکان بەرەو غەریبیبوونێکی ئەبەدی دەبات و لە هیچ شوێنێک ئۆقرە ناگرن و هەموو شوێنێکیش بۆیان دەبێت بە ناشوێن و هەموو نیشتمانێکیش کە سەرلەنوێ بیدۆزنەوە، دەبێتەوە بە تاراوگەیەکی نوێ.



## سەڵاح حەسەن پاڵەوان:

# ئەگەر بمگەڕێننەوە بۆ سەرەتا نامەوێ ببمەوە بە نووسەر

**ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، بەردەوام بەدوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێشەوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بە دوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویستترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕوئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.**

**ئەم هەوڵەی ئێمەش لێرەدا، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، چونکە قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن. لە هەژدەهەمین گفتوگۆماندا، سەلاح حەسەن پاڵەوان، نووسەر و لێکۆڵەر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.**

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتووری ڕووداو**



**رووداو: لەم کاتەدا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** لە یەک کاتدا خەریکی خوێندنەوەی کۆمەڵێ کتێبم، هەروەک هەمیشە وا بووم، کتێبی (ژیان لە سایەبانی ئەفسانەدا) جۆزێف کامبڵ، (چۆنێتیی خوێندنەوەی ئەدەب) تیری ئیگڵتۆن، هەروەها خەریکی خوێندنەوەی کتێبی نووسەرێکی ئێرانیم بە ناونیشانی (قوڵبوونەوە لە دنیایەکی دیکە) لەسەر کارەکانی ڤلادیمێر نابۆکۆف، ئازەر نەفیسی نووسیویەتی.
**رووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** تەنیا کتێبێک ژیانی نەگۆڕیوم، هەر قۆناغێکی ژیانم لە ژێر کاریگەریی کتێبێکدا بووە، ئەوەی جێگەی داخە هیچیەک لەو کتێبانە لە دنیای ڕۆشنبیریی کوردیدا نەبوون، تەنیا کاریگەرییەکی ئەدەبی کوردی لەسەر ڕەوتی نووسین و هەستم هی شیعر بووە.
**رووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** دیسان ئەم پرسیارەش چەند ڕوویەکی هەیە، لە ڕەوتی ژیانمدا چەند جارێک گۆڕان بەسەر بۆچوونەکانمدا هاتووە، هەندێ لەو گۆڕانانە جەوهەری نەبوون و تەنیا گۆڕانکاریی بونیادەکانی بیرکردنەوەی من بوون، بەڵام لە دوو قۆناغدا بۆچوونەکانم کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کتێبەوە، سەرەتا کتێبەکانی مارکس و ئەنگڵس و فیورباخ و جۆرج لۆکاش و نووسەرە سۆسیالیستەکان، دووەمیش قوتابخانەی بونیادگەری بۆچوون و ئاراستەی بیرکردنەوە و کاری ئەدەبیی منی گۆڕی.
**رووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** (پاڵەوانی هەزار ڕوو)ی جۆزێف کامبڵ.
**رووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** چەندین کتێب.
**رووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** دوو چیرۆکی ناسراوی نووسەری ڕووسی (ئەنتوان چیخۆف) بە ناونیشانی (بۆ کێ خەمەکانم بگێڕمەوە) هەروەها (ژان) .
**رووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشی؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی.

***

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەڕەنسا فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

> **ژیانی بێ خۆشەویستی گەورەترین چارەڕەشییە**

**رووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** دوور بێت لە شەرەنگێزی .
**رووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** لیبووردەیی، دڵفراوانی، بوێری.
**رووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**
**سەڵاحە حەسەن پاڵەوان:** میهرەبانی، گرنگیدان بەخۆ.
**رووداو: بەنرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** هەندێکیان هەندێ جار منیان بیر دەکەوێتەوە.
**رووداو: حەزت لە چییە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** لەگەڵ منداڵەکانم تەماشای فیلم بکەم.
**رووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکەی؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** بەختەوەریی ئایدیاڵ ئەو شتەیە لەسەر ئەم زەوییە نایەتە دی.
**رووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** ژیانی بێ خۆشەویستی.
**رووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** لەنێو سروشت لە جیهانێکی دابڕاو لە هەموو جەنجاڵییەکانی گلۆبالیزیرن.
**رووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** هەموو ڕەنگەکان لە شوێن و سات و زەمەنی خۆیاندا جوانییان هەیە، بۆیە هەموو ڕەنگەکانم بەپێی ساتەکان خۆشدەوێ، جوانترین گوڵ لای من هەموو گوڵەکانە.
**رووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** زۆرن، بەڵام (گابریال گارسیا مارکیز، جۆزێف کامبڵ) زیاتر لەوانی تر.
**رووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** جەلالەدینی ڕومی، نالی، یەسەنین.
**رووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** دۆن کیخۆت.
**رووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** ئانا کارنینا.
**رووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** لە کورد: عەلی مەردان. لە فارس: هەمایون شەجەریان. لە ئینگلیزی: پاسنجەر.
**رووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** ڕامبرانت، دڵشاد کوێستانی.
**رووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** دەریا، دانیال، سیدرا.
**رووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** درۆکردن، بێئەمەکی.
**رووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**
**سەڵاح حەسن پاڵەوان:** هێمن بوومایە.
**رووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

> **دوو چیرۆکی چیخۆف منیان گریاند**

**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** لە خەودا.
**رووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** پڕە لە جەنجاڵی و نائارامی، هەست بە تەنیاییەکی گەورە دەکەم.
**رووداو: دروشمی تۆ چییە؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** هەتا دەتوانی چاوەڕوان مەبە، هەمیشە لە سەفەری ڕۆح و جەستە و هزردا بە.
**رووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر بیبیتەوە بە نووسەر؟**
**سەڵاح حەسەن پاڵەوان:** نەخێر

# میران ئەبراهام چیرۆکی لەیادکراوەکان لە "نیشتیمانی سارا"دا دەگێڕێتەوە




**ئا: ئەدەب و کولتوور**

"دەمەوبەیانیی ئەو ڕۆژە لەناو شار، کۆمەڵێک گەنج کە ژمارەیان دە کەسێک دەبوو، لە بەردەرکی سەراوە بە هوتافکێشان بە جادەی مەولەویدا چوونە بەردەمی قەسرەکەی تۆفیق قەزاز، ئەوانە ئەو گەنجانە بوون کە لایەنگری بیری ناسیونالیستی بوون و سەرسام بوون بە ڕەشید عالی گەیلانی، کە ئەوکات بۆ جاری دووەم بە کودەتا دەسەڵاتی گرتبووە دەست و بووبووە سەرۆکوەزیرانی عێراق، گەنجەکان زۆرینەیان سمێڵی هاوشێوەی هیتلەریان دانابوو، ژمارەیان تا دەهات لە زۆربووندا بوو، چەند ئەفەندی و تەڕپۆش لەسەرێک یەک یەک چوونە سەر شۆستەی بەردەمی دووکانەکەی فەقێ ڕەشیدی قەشان و قسەیان بۆ ئامادەبووان کرد، چەند کەسێکیش بە زمانی کوردی و عەرەبی شیعریان خوێندەوە، کابرایەکی پیری پشتچەماوەی ڕیشسپی، بە هەڵەداوان بەناو خەڵکەکەدا دەرۆیشت و لەبەر خۆیەوە هاواری دەکرد:

"لە بیرم دێ، سولەیمانی کە دارالموکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو".

پیرێکی زەردەڵەی لاوازی بەساڵاچوو، پڕ لە وزە و بە دەنگێکی بەرز ئەو دوو دێڕەی دەیانجار لەسەر یەک گوتەوە.

گەنجێک لەسەر شۆستەی بەرانبەر خەڵکەکەوە هاواری لە کابرای پیری شیعرخوێن کرد، "کوڕە هەی پیری خەیاڵپووچ، سولەیمانی چی و بابانی چی، تۆ لە گوێی گایا نووستووی، ئێستا سەردەم سەردەمی ڕەشیدە، ڕەشید." گەنجەکە دەستی هەڵبڕی و هاواری کرد، "ڕەشید عالی گەیلانی دوژمنی وەتەنفرۆشانی."

خەڵکەکەیش بە کۆڕس بەدوایدا گوتیانەوە.

ئەوە پەرەگرافێکی ڕۆمانی "نیشتیمانی سارا"یە، کە دووەم ڕۆمانی ڕۆماننووس میران ئەبراهامە و بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە لایەن ناوەندی ئەندێشەوە چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

میران ئەبراهام بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "ڕۆمانی نیشتیمانی سارا، بە واتایەکی تر نیشتیمانی دایک دەگەیەنێت، مێژووی کوردستان و بە تایبەتی شاری سلێمانییە کە پێمان دەڵێت دین ڕەگەزنامەی نییە، نووسینەوەی مێژوویەکی ونبوو یان لەیادکراوە، ئەم کتێبە بۆ ئێستا و پاشەڕۆژی ئەم نیشتیمانەی ئێمە گرنگە، گرنگە بەو واتایەی کە نەوەی ئێستا و داهاتوو لێی ئاگادار بن".

گوتیشی: "داگیرکەرانی کوردستان بە پیلانێکی سیستماتیک کاریان لەسەر دابەشبوون و لەیەکتر دابڕینی کەمینە نەتەوەییەکانی ئەم هەرێمەی ئێمە کردووە، ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی ئەو کوردانەیە کە لەیاد کراون یان لەبەر جیاوازیی ئایدیۆلۆژییان نەبینراون و لە کتێب و بگرە لە خەیاڵ و هزری هەمووانیدا سڕاونەتەوە. لەم ڕۆمانەدا خایم شلۆمۆ و حەمەجانی حاجی سەلیم کە منداڵ بوون، باوکیان یەکەم کەس بووە ساڵی 1900 لە قەیسەریی نەقیبی شاری سلێمانی دووکانیان داناوە، خۆیان بەسەرهات و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەمان بۆ دەگێڕنەوە، سەردەمی عوسمانییەکان و هاتنی ئینگلیز و بانگی سەربەخۆیی لە لایەن شێخ مەحموودی حەفیدەوە، پاشان بەشداریکردنیان لە کارەساتی ڕۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی 1930 و ... هتد."

میران ئەبراهام پێشتریش ڕۆمانی شەوگەڕەکانی بڵاوکردووەتەوە.

"پیرەمێردێکی بە ئەزموونی خوێندەوار ساڵی 1952 لە کۆڕێکدا گوتبووی: ڕاگوێزان یان ڕۆیشتنی زیاتر لە شەست هەزار جوو لەم هەرێمە، چ ئاسەوارێکی بەتاڵ و وێرانەیان لە دوای خۆیان بەجێهێشت" میران ئەبراهام وای گوت.

گوتیشی: "لە شاری سلێمانی، دەرابەی دووکانی خومچییەکان بۆ ئەبەد دادرانەوە و ڕەنگی خومە گیراوەکان لە ناو مەنجەڵە مسەکاندا لەودیو دەرابە داخراوەکانەوە وشک بوونەوە و بۆ هەتاهەتایە نووسان بە بنی مەنجەڵەکانەوە و تێکەڵاوی ژەنگی مس و ئاسنەکان بوون، چاڵ و گۆزە گڵینەکانی ناو حەوشەی ماڵی مۆردەخای لەسەر شیوەکەی جوولەکان، لە لایەن دراوسێکانیانەوە تێکوپێک شکێنران، سندووقی ترێ بەتاڵەکان ئیدی سەفەری ڕەزەکانیان نەکرد و خاوەن ماڵی نوێ وردیان کردن و کردنیان بە قورگی زۆپا دارینەکاندا، تاکو چەند ساڵێکیش دوای ڕۆیشتنی ماڵی مۆردەخای، موشتەرییەکان تاقوتەرا دەهاتن و لە دەرگایان دەدا و لەژێر لێوەوە و زۆر شەرمنانە دەیانپرسی: 'ئەرێ عەیب نەبێت شەرابمان هەیە؟'"